وەزارەتی دەرەوەی تورکیا سەرکەنەی هەرشەکی حووسیەکان بە کەشتیەکی تورکی دەکات

وەزارەتی دەرەوەی تورکیا سەرکەنەی ئەو هەرشە مووشەکیەکەی کرد کە لە کەناراوەکانی یەمەن لەلایەن حووسییەکانەوە کرایە سەر کەشتی بارهەڵگری "ئانادۆلو ئەس" کە ئالای وڵاتی پاناما هەڵکردبوو.

سەبارەت بەو هەرشەی لە کەناراوەکانی یەمەن کرایەسەر ئەو کەشتیە، وەزارەتی دەرەوەی تورکیا ڕاگەیاندراوەکی بڵاوکردەوە، لە ڕاگەیاندراوەکەدا هاتووە: "ئیدانەی ئەو هەرشە مووشەکییەی دەکەین کە لە کەناراوەکانی یەمەن لەلایەن حووسییەکانەوە کرایە سەر کەشتی بارهەڵگری وشکەی "ئانادۆلو ئەس"ی سەربە کەمپانیایەکی تورکیا کە ئالای پاناما هەڵکردبوو".

هەروەها لە ڕاگەیاندراوەکەدا ئاماژە بەوە کراوە دەستپێشخەری پێویست کراوە بۆئەوەی ڕووداوەکی هاوشێوە دووبارە نەبێتەوە.